کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
7-7-2007 15:06 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**هەناسەیەکی قووڵ و خەمێکی گەورە بۆ حکوومەتی تەکنۆکرات ... ئیبراهیم عەباس:**



مانگی ڕابردوو لەو ساتەوەختەی گوێبیستی ناردنی بوودجەی حکوومەت تەکنۆکرات بۆ پەرلەمان بووم، هیچ دڵخۆشییەکم لەدڵدا نەگەڕا. بەڵام ئەو ساتەی وردەکاری قسان بەوەدا شکایەوە کەبوودجەی حکوومەت، ئەوەندەو ئەوەندە عجزی هەیە (بەکوردیەکەی بوودجە کەمی هێناوەو حکوومەت قەرزدار بۆتەوە) کەمێک دڵگیربووم، وەلێ زۆرنا، ئاخر چونکە کابینەی پێنجەمی حکومەت لەگوزەری خۆی زیاتر لەپزدانی کاتدا مایەوەو دەبووایە تا چاو بەدنیا هەڵدێنێ تەقەڵکاری زۆری بۆ بکرێت، ڕوونیشە چاکبوونەوەی برینی تەقەڵکاری، پێداویستی فرەو هەلومەرجی لەباری گەرەکە، تا بەسەر پێ و ڕێڕەوی ئاسایی خۆی دەکەوێتەوە، لەم سۆنگەیەشەوەیە کەدەڵێم؛ هیچ بەدووری نابینم ئەو جیاکارییەی لەدایکبوونی کابینەی پێنجەم، یەکێتی و پارتی هاندابێت دوای دەیان بەڵێنی مزرو خۆش. نازناوی کابینەی پێنجی حکومەتی هەرێم، بەحکوومەتی تەکنۆکرات ببەخشرێت.

هێشتا حکوومەتی تەکنۆکرات چاوی بەدنیا هەڵنەهێنابوو، ئەندامانی مەکتەب ساسیی هەردوو زلحیزبەکەی کوردستان، شەوانە لەسەر شاشەی ڕەنگاو ڕەنگی تەلەفزیۆن و ڕۆژانە لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکان بەدیاردەکەوتن و باسی شێوازو چۆنیەتی حکومەتی تەکنۆکرات و سەرکەتنە ئەفسوناوییەکانییان بەگوێی میللەتدا دەچرپ. هەرچەندە نەک جارێک دەیان جار گومان هەیە، زۆربەی ئەوانەی باسی حکومەتی تەکنۆکراتیان دەکرد، لەگەڵ زۆربەی ئەو وەزیرانەی لەژێر ناوی تەکنۆکراتدا وەزارەت یان پلەی وەزیریان پێ بەخشراو بەم هۆیەشەوە ماڵی میللەتی داماویان دەقەبەڵ کرا، ئێستاشی لەگەڵدابێت ناتوانن پێناسەیەکی لەباری تەکنۆکرات بکەن!؟ ئاخر ئەو هێژایانە باوەڕیان بەکاری سەبەکۆمەڵایەتی لەنگە، ئیتر چ لزوم دەکات خۆ بەکتێبی سەربە کۆمەڵناسییەوە خەریک بکەن تاپێناسەیەکی تەکنۆکراتیان دەستگیربێت.

تا حکوومەتی تەکنۆکرات دانەمەزرابوو، حاڵ و باڵی میللەت لەڕووی گوزەرانی کەسی و خانەوادەگی و خزمەتگوزارییە گشتییەکانیش هێندەی ئێستا شپرزە نەببوون. پارتی و یەکێتی کەدوو حکوومەت و دوو یەکەی ئیداریان هەبوو، لەبەر کێبرکێی یەکتری، ئەگەرچی وەکو ئێستا مووچەیەکی هاکەزایی و کەمیان بەخەڵکی دەبەخشی، وەلێ چونکە بازاڕ وەکو ئەمڕۆ لەژێر بەهانەی بازاڕی ئازاددا، بەرپرسە هەرە هەرە باڵاکان دەستیان بەسەردا نەگرتبوو، نرخی کاڵاو پێداویستییەکان هێندە هەڵنەکشابوون کە مرۆڤی کەم دەرامەت و مووچەخۆر لەگەڵ دەست بۆ بردنیان وەکو پیوەدانی دوپشک، چزە لەدەستیان هەستێنێ.

حکوومەتی تەکنۆکرات هێشتا ساڵێکی تەمەنی بەڕێ نەکردبوو، لەو سەروبەندەی دەوترا بوودجەی حکوومەت بۆ پەرلەمان نێردراوە، یان دەنێردرێ. هەواڵی قەرزداری حکوومەت بەجۆرێک باسی لێکرا کە؛ حکوومەتەکەمان تەنانەت ناتوانێت خۆی بەڕێوە ببات! هەر لەگەڵ ئەو هەواڵانە دەنگۆی کەمکردنەوەی وەزارەت و وەزیرە بێ کارەکان بووە بەسەردێڕی هەواڵەکانی ڕۆژو لەئێستاشدا ئەو هەواڵانە لەبرەودان، وەلێ ئەوەی بەلامەوە تێبینییە هیچ ڕاگەیاندکارێک و هیچ کەناڵی میدیاو ماڵپەڕو ڕۆژنامەو گۆڤارێک لەگەڵ خێرا بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵانەدا بەبیر حکوومەت و دەسەڵاتی ناهێنەوە بڵێن: گەر بەپێ ڕێکلامەکانتان بووایە، دەبووایە حکوومەتی تەکنۆکرات بەهەشتی لەهیچەوە بۆ خەڵکی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
7-7-2007 15:06 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

خولقاندبایە، کەچی پاش کەمتر لەساڵێک تەمنی حکوومەت، بێ ئەوەی یەک حالەتی لەناکاو بۆ حکوومەت هاتبێتە پێش!؟ بێ ئەوەی تاکە یەک دیناری ئەو بوودجە خەیاڵییە، بۆ کەرکوک و جێبەجێ بوونی ماددەی (140) سەرف کرابێ!؟ بێ ئەوەی لەتەوای ئەم ساڵەدا، تەنها یەک خانوو بەخانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوان و فەرمانبەران و پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگەکان بەخشرابێت! بێ ئەوەی لەم ساڵەدا بچووکترین خزمەتگوزاری لەنەخۆشخانەیەکی سەردەم، یان قوتابخانەیەکی شایان، یان هۆڵێکی شانۆیی یان باخچەیەکی ڕەنگین لەسەر حسابی حکوومەتی هەرێم، لەشارو شارۆچکەکان کرابێت! یان جادەیەکی قیر بۆ کوێرە دێیە وێرانەکانی کوردستان برابێت! تەنانەت بێ ئەوەی ئەو (100) هەزارەی بەناوی جێژنانەوە بەفەرمانبەران و مووچەخۆران دەدرا، لەو ساڵەدا پێیان درابێت!؟ ئینجاش دەبێژن؛ حکومەتەکەمان قەرزدارە، بەڵام چۆن؟و بۆ؟ وەڵامەکەم لێ ڕوون نییە! تاکە گومانێک کەوێدەچێت قەرزداری حکوومەت بەلای باوەڕمەوە بسەلمێنی، ڕەنگە جیا لەو سەدان و هەزاران دەفتەر دۆلارەی بۆ وەزیرەکان بەماشێنی مۆدیل باڵاو ڕازندنەوەی دیوەخانەکانیانیان و سەفەرە زانراو نەزانراوەکانیان، سەرف کرا، هەروەها کێبرکێ پەرلەمانتارەکان لەبۆڕدانی وەزیرەکان تا بەحیسابی سەرۆکی پەرلەمان ئەندام پەرلەمانەکان موتاجی دەستی وەزیرەکان نەبن! جیا لەوەی هەمان ئیمتیازو بەخشش و دەرماڵەو ماشینی لەشێوەی وەزیرە تەکنۆکراتەکانیان پێدرا، سەرباری ئەمەش خانووو شوقەشیان بۆ دابین کردن.

چەند خۆش دەبوو بەرپرسەکانی ئێمەش لەجیاتی بەئەفسانەکردنی خۆیان و کارەکانیان و ئەو هەموو بەڵێنکارییەی بەمناسەبەو بێ مناسەبە بەخەڵکیان دەبەخشی و لەباشترین هەلومەرجیشدا چارەگێکی بەڵێنەکانیان نەدەگەیاندە جێ، لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ڕۆژدا قسەی خۆیان کردبایەو بەبیریانهاتبایەوە، ئەوان ئێستا نزیکی دوو دەیەیە فەرمانڕەوان و قسە بێ ناوەرۆک کەس لێیان ناسەلمێنێ.

ڕاستییەکەی من لەجیاتی حکوومەت خەجاڵەتی دەکێشم، کەبەپێ خشتەی بڕیارلێدراوی هەزار جار قسە لێکراو، دەبووایە چوار وەزارەتە سەرەکییەکە (دارایی، ناوخۆ، پێشمەرگەو داد) لەماوەی ئەو ساڵەدا یەکیان گرتبایەو ئەو هەشت وەزارەت کرابانەوە چوار وەزارەت، نەک لەجیاتی جێ بەجێ کردنی کارو کارنامەی بڕیار لێدراوی خۆیان، لەسایەو بەهۆی ڕێکەوتننامەی ستراتیژی دوو زلحیزبەکە، ناچاری پەڕوباڵکردنی حکومەتی چل وەزیری بوونایە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.